ئافرەت لە چیرۆکی کوردیداو کارێکی ناتەواو

محمد رشید فتاح

لەم چەندانەدا کاك صـەباح غالب دەسـت پێشکەری‌ی کـردو ، دوای خۆ هیـلاك کردن‌و ، ماندووبوونێکی زۆر توانی لێکۆڵینەوەیەکی (۳۱۸) لاپەڕیمان لە ژێر سـەر ناوی (ئافرەت لە چیرۆکی کوردی‌ی‌دا) بخاتە بەردەست .

ئەمەش بەلای‌منەوە جێگـەی شانازی‌و رێزو سوپاسە بۆ نووسەرێکی لاوی‌ی وەك صەباح ، چونکە تاکو ئیمڕۆ کتێبخانەی کوردی لەم جۆرە لێکۆڵینەوەو، توژینەوانە بێ‌بەش بووە ، بەتایبەتی لە لایەنێکی وا ناسك لە چیرۆکی کوردی‌دا ، کە ئەویش لایەنـی ئافرەتـە .

کاك صەباح لە سەرەتاوە پێش ئێمە دەکەوێ‌و ، ئەوەتا بە دڵ‌و دەروونێکی سافو بێگەردەوە پێمـان دەڵێ : ـ « منیش بەم حاڵەمەوە لەمە چاکترم لـە دەست نایەو ، منەتیش بە سەر کەسدا ناکەم . بـە هەموو دڵێکەوە ئامادەی وەرگرتنی رەخنەی برایانەو ، ئامۆژگاری دۆستانەم . » (ل ـ ۸ ـ ئافرەت لە ..)

منیش بەلای خۆمـەوە ، لەم بۆچوونەی کاك صەباحەوە بە پێویستم زانی باری سەرنجی خـۆم بهاوێژمە سەر هێندێ لەو هەڵەو ، کەم‌و کورتیانەی کەوا نووسەر تێ‌ی کەوتووە .. هیواداریشم کـە جێگەی خۆیان بگرن .

بەر لە سەرنجەکانم دەمەوێ ئەوە بخەمە پێش چـاو .

١ ـ سـەرباری بەربڵاوی‌و گەشەکردنی باری رۆشنبیری‌و ئەدەبیمان ، هەروەها بڵاوبوونەوەی بیری پێشکەوتوانەو ، تیوری‌ی زانسـتیانە لە ناوماندا . دەبینین تاکو ئیمڕۆ هێنـدێ لە رەخنـەگران‌و ، لێکۆڵەرەوەکانمان ، لە نووسـین‌و ، باسەکانیانـدا (مەنهەجێکی فیکری) دیاری کراویان نیـە . تا لەبەر رۆشناییا هەنگاو هەڵگرن‌و ، شوێن پێ‌ی خۆیان قایم کەن . کە ئەمە دەڵێم ، مەبەستم لە هەمـوو رەخنەگرێك‌و لێکۆڵەرەوەیەکی خۆمان نیە ، بەڵکـو ئاکو ئەرا دەبینم . کە هێشتا رێگـەی خـۆی نەدۆزیوەتەوەو . وەیان ناشیەوێ بیدۆزێتەوە ! .

کاك صەباح یەکێکە لەوانەی کە تائێستە لـە نووسـیندا خـاوەنی رێبـازێکی فیکری‌ی دیارو ئاشکرانیـە . تا خوێنەر لە چاوی ئەو رێبـازە فیکری‌یەوەی بڕوانێتە بەرهەمەکانی‌و ، حسابیشیان بۆ بکا ! .

هەر نەبوونی ئەم رێبازە فیکری‌یەش بۆتـە هۆی ئەوەی کەوا بکەوێتە چەندان هەڵەی زەقو : کەم‌و کورتی روون‌و ئاشکراوە .

دەبینین دەمێك (ئایدیایانە) دەڕوانێتە بەرهەمە ئەدەبی‌یەکان‌و ، لە واقعی کۆمەڵایەتیمان دایان دەبڕێ‌و، دەمێکیش پەنا دەباتە بەر بیرو باوەڕی (ماتەری) و ، چەشنی ماتەری‌یەك سەرنجیان تێدەگرێ. سەرەنجامی ئەمەش بێگومان شتێکی سەیرو سەمەرە دەردەچێ !!.

ئایدیایی‌و ماتەری‌ی لـە تێورو پراکتیکـدا دژبەیەکن‌و ، پێکـەوە ناسولحێن . (هێندێ لـە فەیلەسووفە ئایدیایی‌یەکان هەولی شێواندنی تێوری (ماتەری) یان داوە . بەوەی گوایـە . (ماتەری) ئاوێتەیەکە پێش ناکۆکی ماتەری‌و ئایدیایی دەکەوێ . لە راستیدا ئەم ئاوێتە کردنەش تەنها پەردەیەکە بۆ شاردنەوەی (ئایدیایی) (پۆلیتزر ـ ل ـ ۲۰۸) .

نووسەرو فەیلەسووفی ئایدیایی هەبوون‌و هەن. هەروەها نووسەری ماتەریش هەن ، هەریەکەشیان بە قەناعەتەوە بێ ئەوەی باز بازێن بکەن ، قەڵەمەکانیان لە گوڕو گەڕدایە .

بریا کاك صباح لەم کارە ناسکەیدا یەك لایەنی هەنگاوی بنایەو ، نەیکردایە بە دوو . چونکـە بەراستی‌ی مەسـەلەی ئافرەت لە کۆمەڵگایـەکی دواکەوتووی وەکو ئیمڕۆی ئێمەدا ، تەنها بە تێوری زانستی‌ی نوێوە دەبێ چارەسەرو رێ‌و شوێنی بۆ

ـیری کرێ . لەبەر ئەوەی بیرو باوەڕی ئایدیایی ـامەکانی ئافرەت لە کۆمەڵگایەکی فرەچینی وەکو ێمەدا سارێژ ناکاو ، دەرمانی‌ی بۆ نادۆزێتەوە .

بۆ راستی‌ی قسەشمان خوێنەر دەتوانێ ـگەرێتەوە بۆ ئەو سەرچاوە دژ بە یەکانەی کەوا پەنای ـۆ بردوون .

٢ ــ لە لایەکی تر تاکو ئێستە لای ئێمە هێندێ ـرای رەخنەگرو لێکۆڵەرەوە لە ئەنجامی باری ـایکۆلۆژی خۆیانەوە .. کە ئەمەش بێگومان لە رەنگ ـانەوەی باری ناهەموارو دواکەوتەیی کۆمەڵایەتیمان ـەدەرنیە ، دەبینین (انحیاز) و ، دەستیاو ، جۆری ـەیوەندی‌ی دۆستانەو برایانە ، بەسەر بەرهەمو ـوسینەکانیدا زاڵە .

بێگومان ئەمەش لە تەك ئەو خاڵەی سەرەوەدا نەخۆشیەکی ترە ، لەو نەخۆشیانەی کەوا گیرۆدەی رەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی بۆتەوە .

کاك سەباحیش هەرواتە . خوێندەواری زیرەك دوای خوێندنەوەی بەرهەمەکەی : هەست بەوە دەکات .. کە ناوەرۆکی ئەو لێکۆڵینەوەیە ئەم کەم‌کورتی‌یەی پێوە دیارە .

بۆ نمونە هێندێ چیرۆك نووس لە ناو هێنان فەرامۆش کراون . گەرچی لە ژیانی ئەدەبیشیاندا یەك دوو چیرۆکیان هەبێ ، کە راستەو خۆ پاڵەوانەکانیان ئافرەت بێ ، یا دەوری ناسەرەکیان هەبێ ، کەچی نەك لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکرابێ ، بەڵکو لە ریزی ئەوچیرۆکانەشدا کەوا صەباح ناوی بردوون‌و ، دەشڵێ باسم نەکردوون ، ناویان نەهاتووە.

کەچی دەبینی‌ی هێندێ چیرۆکی تر کەوا ئافرەت تیاندا دەوری ناوەندی‌و ، کۆمبارس دەبینێ ، نووسەر نەك لای لێکردۆتەوە ، بەڵکو زیاد لە پێویست بایەخیشی پێ‌داوە .

خۆ جاری‌وا هەیە .. کەسانێك کەوا رەخنەیان لە سەر کۆمەڵە چیرۆکێك کاتی خۆی لە گۆڤارێکدا بڵاوکرۆتەوە ، نووسەر جگە لە بەسەرکردنەوەی ، بەڵکو ناوو ناونیشان‌و تەمەن‌و شوێن پێ‌ی ئەو رەخنەگرەشی تۆمار کردووە . کە ئەمەش جێگەی لە نێو باسەکەی نووسەردا نابێتەوە .

خوێندەوار دەتوانێ چاوێك بەو بیبلۆگرافیایەی کاك (عمر مارف بەرزنجی) دا بگێرێتەوە ، ئەو دەمە بۆی دەردەکەوێ کەوا کاك صەباح چەند چیرۆکی

پشت‌گوێ خستووە .

کاك صەباح لە سەرەتایی لێکۆڵینەکەیەوە ، نازانم بە دەستی‌ی ئەنقەستە ، یا لە (غەفڵەتەوەیە) کەوتۆتە هەڵەیەکی گەورەوە .. فەرموون بزانن دەڵێ چی : « تائێستە چیرۆکی هونەری‌ی کوردی لێکۆڵینەوەو ، نرخاندنێکی زانستیانەی شایان‌و گەورەی لەسەر نەکراوە . ئەمە جگە لەو دوو کارەی لە لایەن کاك جەمشید حەیدەری قوتابی دکتۆرای ئەکادیمی زانستەکانی سۆڤیەت لە لنینگراد .. و خاتو بەدیعەی مەحوی .. قوتابی‌ی دکتۆرا لە زانستگای ئازاد لە بەرلینی ئەڵەمانیای رۆژئاوا پێ‌یەوە خەریکن بۆ نامەی دکتۆرا » (ل ـ ٧ ـ ئافرەت لە ..)

جارێ بەر لە هەمووشتێ ئەو دووکارەی ئەو دوو لاوە کوردە پێوەی خەریکن ، مایەی شانازی‌و ، رێز لێنانی هەموو رۆشنبیرو نووسەرێکی کوردە . بریا دەیانی وەك ئەوانمان هەبوایەو ، بەو جۆرە کارە پیرۆزانەوە ماندوو ببوونایە ! .

بەڵام بابپرسین .. ئەی کارەکەی (حسین عارف) ؟ .. کە لە سالی ١٩٧٧ دا کەوتە بەردەستمان . (چیرۆکی هونەری‌ی کوردی) کارێکە شایانی ناوبردن نیە ؟؟ . ئەی کارەکەی (عومەر مارف بەرزنجی ؟) لەوانەیە نووسەر بڵێ .. ئەوکاتەی ئەم قسانەم کردووە ، کارەکەی (عومەر) لە بەردەستما نەبوو . باشە کاك صەباح ، ئەو دوو کارەی . ئەو دوولاوە کوردە پێوەی خەریکن تەواوبوون ؟ . لەبەر دەستتان ؟ . تا بزانین چۆنن ؟ . ئەبێ صەباح خۆی دیبنی‌و ، هەڵی‌سەنگاندبن ؟ . ئەگینا هەرگیز قسەی وای نەدەخستە تای تەرازووەوە .

کاك صباح بەمەشەوە ناوەستێ ، زیاتر پێ دادەگرێ‌و ، لە هەمان لاپەڕەدا دەڵێ : ــ « هەموو ئەو هەوڵ‌و پێناسینەی بۆ بەرهەمی چیرۆکمان دراوە ، لە وتارو لێکۆڵینەوەی سەرپێ‌ی بەولاوە شتێکی دیکە نی‌یە ! . » .

لێرەدا تەنها ئەوە دەڵێم .. رەخنەگران‌و ، لێکۆڵەرەوانی‌ی چیرۆکی کوردی ، مادام ئێوە خاوەن شەهادەو ، قوتابی دکتۆرانین .. تا ئێستە هەرچتیان کردووە فت !!.

صەباح لە لایەکەوە چیرۆکەکەی جەمیل سائب ـ لە خەوما ـ بە چیرۆکێکی ریالیستی رەخنەگرانە ناودەبا . لە لایەکی ترەوە . ئەم چیرۆکە هەر بەلای

ئەوەوە دەبێتە چیرۆکێکی (لامعقول) و دوور لە واقع . گەرنووسەر لە چۆنێتیی سەر هەڵدانو، سیفەتایبەتی یەکانی ئەم ڕێبازە ئەدەبیە شارەزاییەکی هەبوایە .. ئەوەی دەزانی .. کە ئامانجی ئەم ڕێبازە ئەدەبیە ؛ رەخنەگرتنێکی سلبی یە لە واقعی کۆمەڵایەتی .)

چونکە جەمیل سائب بە ئاشکرا پەردەی لە رووی کەمو کورتیو، چەوساندنەوەو، زولمو زۆری رژێمی دەستەڵاتداری ئەوسەردەمە هەڵداوەتەوە . لە مەدا نووسەر دوای سۆزو عاتیفەیەکی رووتو قووت کەوتوەو، بەلای شیکردنەوەو، تێروانینێکی زانستیانە گوزەر ناکا .

لەبەر ئەوەش کەوا جەمیل سائب هەڵسو کەوتی ئافرەتانی چینیی دەستەڵاتداری ئەوسەردەمەی بە سلبی باسکردووە . ئیتر ئەوچیرۆکە لامەعقولو، شێواندنی واقعە !! .

صەباح دەڵێ : ـ « هەموو یەکێکی بەویژدان حەقیقەتی ئەو مەسەلەیە دەزانێ کە ئەگەر ژنی چینی دەرەبەگ لە ناو هەموو میللەتێکو، لە گشت شوێنو کاتێکدا دەوری چەوسێنەری بێنێ و هاوبەشی مێردو پیاوی چینەکەیان لەو روەوە کردبێ، ئەوا ژنی چینی دەرەبەگی کورد بە گشتیو حەفیلزادەکان بە تایبەتی ئەو کارەیان تا ڕادەیەك بە نارەوا زانیوە (ل ـ ٣٣ ـ ئافرەت لە ...)

بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم هەڵە زەقە .. پشت بەو سەرچاوەیە دەبەستین، کە کاك صەباح خۆی لە لاپەڕە (٧٤) دا پشتی پێ بەستووە .

(لە هەموو کۆمەڵگایەکدا رەوشتو خوویەکی دیار هەیە . ئەویش بەندە بە یاساو بیروباوەری چینی دەستەڵاتدارەوە .

لە یاسای کۆیلەیەتیدا رەوشتی خاوەن کۆیلەکان . .

لە کۆمەڵگای دەرەبەگیدا رەوشتی دەرەبەگەکان .

لە سەردەمی بۆرجوازیشیدا رەوشتی سەرمایەدارەکان .

(افاناسیف ـ گۆڕینی عزیز سباهی .

ئەمە بە کورتی کاکڵەی ئەو سەرچاوەیەی کاك صباح بوو کەواتە بەم پێیە ژنی دەرەبەگی کورد بەلای کاك صەباحەوە لە پیاوەکانیان جیاکرانەوەو، بوون بە بوەنی رەوشتو خوویەکی دوور لە چینەکەیان .. بێگومان ئەمەش تێروانینێکی (ئایدیایانەیە) بەرامبەر بە مەسەلەی ئافرەت .

بەڵی هەر ئافرەتی دەرەبەگ بووە .. پاچەکۆڵەو، رەزبڕینو، مشتو جۆماڵ، درووێنەو، کرێکاریو ؛ هتد کردووە .. هەرگیز بە قسەی کاك صباح حازر خۆری بەر سێبەر نەبوونو، نەرووتاندوتەوەو . نەچەوساندۆتە !! .

لە لاپەڕە (٢٣٠)دا کاك صباح لە چیرۆکێکی باس نەکراوی کاك شێرکۆ ناکامدا (نازانم) دەڵی : ـ چیرۆکێکی کلاسیکیانەیە . کوڕێك هێندە ترسنۆکە ناتوانێ هەستیی خۆشەویستی لە ئافرەتەکەی بگەیەنێ .

ئەمە یە جگار جێی بەزەیی پیادا هاتنەوەیە . ئەوەی تۆزقاڵێك ئاگای لە سەرەتو بنەمای چیرۆکی کوردی هەبێ، ئەوە دەزانێ . کە چیرۆکی کوردی لە قوتابخانەی کلاسیکیدا نەیخوێندووە . یەکەم هونەریی کوردی ڕێبازی ریالیستی رەخنەگرانەی گرتۆتە خۆی . شێرکۆی لاو لە کوێوە بەم قوتابخانەیەدا چوو ؟ .

بریا کاك صباح لە لێکۆڵینەوەکەیدا پەنای نەبردایەتە بەر باری سەرنجی ئەو گەریدانەی کەوا بە کوردستاندا گەڕاونو تێپەڕ بوون . چونکە لە سیاحەت نامەی ئەو جۆرە کەسانەدا بە تایبەتی کەوا هێندێکیان پیاوی داگیرکەریش بوون . وەك (سۆنو .. ریچ) .. تەنها باسی روالەتو، دیوی دەرەوەی ئافرەتی کوردیان کردووەو، بەلای هۆی بەرهەمهێنانو، پەیوەندی بەرهەمهێناندا نەچوون ئیتر چۆن لە مەسەلەیەکی گرنگی وادا کە مەسەلەی ئافرەتە، راو بۆچوونەکانیان پشتیی پێدەبەسترێ . دەبوایە لە بری سەرنج بۆچوونی ئەو گەریدانە . صەباح پشتی بە زانستیی نوێ ببەستایەو، لە کۆمۆنزمی سەرەتاییەوە تا ئێستە دەوری ئافرەتی دیاری بکردایە .

ئیتر بە هیوای ئەوەی کەوا نووسەرانو رەخنەگرانمان هەریەکەیان بەلای خۆیەوە .. چەندان هەڵەیتر لە شارای هەڵەو کەمو کورتیو ناتەواویەکانی (صەباح) ڕاست بکاتەوە .